کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
14-7-2007 2:40بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**شارەوانی بەکرەجۆ... دایکانمان بێ ئومێد مەکەن!! ... کاروان سالار**

بۆ بەر چاوی لایەنە بەرپرسەکان:

ناچار کرام لەسەر ئەم بابەتە قسەی خۆم بکەم.. پێش ئەوەی دایکانمان هیوا بڕاو بکەن!!. بەشێک لەو دەریا کەم و کورتیەی کەلەسنوری شارەوانی بەکرەجۆدا هەیە کەوتۆتە نێو ئەو ناوچەیەوە کە ئێمەی تێدا نیشتەجێین و دەکەوێتە نزیک فرۆکەخانەی بەکرەجۆ، یەکێکیش لەکێشە سەرەکیەکانی ئەم گەڕەکە سەر باری نەبوونی هێڵی کارەباو ئاو، نەبوونی ئاوەڕۆیە لە گەڕەکەکەدا، کەپێش چەند مانگێک لەمەو بەر بووە هۆی گیان لە دەستدانی منداڵێکی تەمەن شەش ساڵ.. لەنێو زەلکاوێ لە زەلکاوەکانی گەڕکەکەدا!؟ کەجەستەی ئەم پەپولەیە بووە قوربانی کەمتەر خەمیەکانی ئەم شارەوانیە و بەرپرسانی حکومەت.



ئەگەرچی گەیاندنی پرۆژە خزمەت گوزارییەکان ئەرکی سەرشانی دەسەڵاتە... بەڵام نزیکەی ساڵێکە، دایکم بەهاوکاری چەند ماڵێکی تری نیشتەجێی گەڕەکەکەمان لەهەوڵی ئەوەدان کە لانی کەم ئاوەڕۆ ڕابکێشرێت بۆ گەڕەکەکە بۆ ئەوەی ڕووداوی دڵتەزێن ڕوو نەدات، پاش چەندین جار هێنان و بردنی دایکم و ئەمڕۆ بەسبەی و ئەم دائیرە بەو دائیرە پێکردنی لە پاش چەند مانگێک و پاش ئەوەی (محەمەد) ی تەمەن شەش ساڵ بووە قوربانی و لە کاتی باران بارینددا چەند جارێک ئاو چووە چەند ماڵێکی گەڕەکەکەوە دواجار و بەهەوڵی تاقەت پڕو کێنی دایکم کە بەڕاستی کۆڵنەدانی منیشی سەر سام کردبوو... بڕیار درا پارە تەرخان بکرێت بۆ ئەم مەبەستەو پارەکە بە بڕی دە ملیۆن دینار (بە پێی قسەی شارەوانی بەکرەجۆ) سەرف کراوەو هاتۆتە لایان. پاش ماوەیەک بێدەنگ بوون و چەندین جار چوونەوە بە پیرئەوەی کە داخۆ پارە سەرف کراوە، بۆچی کارەکە جێبەجێ نەکرا؟؟ هەر جارە و بەبیانویەک، جارێک بەبیانوی نزیک بوونەوەی جەژن وجارێک بەبیانوی ئەوەی (اعلان) ی بۆ نەکراوە و جارێکیش بەبیانووی ئەوەی پارەکەی کەمەو مقاول نایکات و جارێک و... جارێک... گەیشتۆتە ئەمڕۆ ئەم کارە هەر جێبەجێ نەکرا... ! ئەمە بەو مەرجەی کە ئەگەر کێشە ئەوەیە پارەکەی کەمە بۆیە جێبەجێی ناکەن، دایکم پێ گوتوون: ئێمە ئامادەین خۆمان مقاول بگرین و بەهەمان پارە بەئەنجامی بگەیەنین.

لێرەوە ئەو پرسیارەی دروست دەبێت ئەوەیە کەئایا بۆچی پارە سەرف کراوەو کارەکە جێبەجێ ناکرێ؟! ئایا شارەوانی بەکرەجۆ نیازیەتی کە پەپولەیەکی تر ببێتە قوربانی کە متەرخەمی ئەوان؟ ئەمە لە کاتێکدا دەبوو کاتی ڕوودانی کارەساتی کۆتایی هاتن بەژیانی منداڵێکی


ئەو جێگایەی پێش چەند مانگێك (محەمەد)ی شەش ساڵی تیا خنکا... ١٣/٧/٢٠٠٧

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

بێتاوان دەست بەجێ سەرۆکی شارەوانی دەستی لەکار بکێشایەتەوەو بەزوترین کات بەری لەدووبارە بوونەوەی وەها ڕووداوێک بگرتایەو، گەرەکە کەشیان بەناوی ئەو منداڵە بێتاوانەوە ناو بنایە، تاکو ئەمە ببێتە وانەیەک بۆ دووبارەنەبوونەوەی هەر جۆرە ڕووداوێکی تری هاوشێوە لە سەرجەم شوێنەکانی تری ئەم وڵاتە... کەچی بەداخەوە! ئەوە نزیک بووەوە لەساڵێک بەسەر داواکاریەکەداو هەتاکو ئێستا هیچ دەنگ و باسێک نیەو خەریکە بێ ئومێدی بەڕووی دایکم و خەڵکی ناوچەکەشەوە دەبینم لەو هەموو هەوڵەی کە لەو پێناوەدا داویانەو... ئەم ئاوە ڕۆیە هەر نەکرا؟!

بۆیە لێرەوە بەپێویستم زانی بۆ ئەوەی دایکم و دایکەکانی تر بێ ئومێد نەبن و ڕووداوی تری دڵتەزێن ڕوو نەداتەوە، ئەم گرفتە لە ڕێگەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە بخەمە بەرچاوی لایەنە بەر پرسەکان و چیتر با لە چاوەڕوانیدا نەبین و وەڵامێکمان بدەنەوە...

*تێبینی: هەر بۆ هەمان مەبەست و چەند کێشەیەکی تر ساڵی پار بەندە دیدارێکی لەگەڵ چەند کارمەندێکی شارەوانی بەکرەجۆدا سازدا بۆ ڕۆژنامەی هاوڵاتی بەڵام بەهۆی ئامادەنەبوونی سەرۆکی شارەوانی بەکرەجۆی ئەوکاتە بەهۆی نەخۆشیەوەو نەبوونی بەرپرسی یەکەم دیدارەکەم بڵاو نەکردەوەو لای خۆم مایەوە.

Emil: salar_karwan@yahoo. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.